پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز وازی نەدەهێنا لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی بەیانی

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز وازی نەدەهێنا لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ودوو ڕکاتی سوننەت لە پێش نوێژی بەیانی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەوە وهەرگیز وازی نەدەهێنا لە ئەنجامدانیان؛ هەندێك لەو نوێژە سوننەتانە کە بەم شێوەیە بەردەوامبوو لە ئەنجامدانیان لە ماڵەوە: چوار ڕکات بە دوو سەلامدانەوە پێش نوێژی نیوەڕۆ، ودوو ڕکات لەپێش نوێژی بەیانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11249